# وانەی 40

1. نوێژ و نزا:-
پێشڕەوی گروپ: نوێژ و نزا بکە و داوا لە گروپەکەش بکە، ئەو کۆرسە تایبەت دەبێت بە دروستکردنی قوتابی بۆ مەسیح.
2. بەشداریکردن 20 خولەك "1سامؤیل"
لێرەدا دەتوانن ئەوە ڕوون بکەنەوە کە لە دەفتەرەکانتاندا نوسیوتانە سەبارەت بەو سەرنج و تێبینیانەی کە لەناو دەقەکاندا دەربارەی خودا وەرتان گرتووە "1 سامؤیل 9، 10، 12، 14" پاشان گوێ بگرە بۆ ئەو کەسەی کە بەشداری دەکات.
3. لەبەرکردن 20 خولەك
نکۆڵیکردن "لۆقا 9: 23"

نکۆڵیکردن "لۆقا 9: 23"

أ – بیرکردنەوەی قوڵ
"لۆقا 9: 22 ـ 27" بخ...
ئەم ئایەتانەی خوارەو...
تەختەڕەشێك یان تە... ...وە.
سەرچاوەکانی ئینجی... بنوسەوە.

23 ئینجا بەهەمووانی وت: (گەر یەکێك ویستی بەدوامەوە بڕوات، با واز لە خۆی بهێنێ و هەموو ڕۆژێك خاچەکەی بە کۆڵەوە بێت و

1. دەبێت گەورەی قوتابیەکانیش کە عیسای مەسیحە ئازار بچێژێت و بمرێت و دوای مردنی لە مردن هەڵستێتەوە و بڕواتەوە بۆ ئاسمان.
ئەمە بۆ یەکەم جار بوو کە عیسا باسی مردی خۆی بکات بە ڕوونی. زۆربەی جولەکەکان لە سەردەمی عیسادا وایان دەزانی کە پێشڕەوەکەیان هەمیشە لەناویان دەبێت و بەرەنگاری دوژمنەکانیان دەبێتەوە، لەبەرئەوە زانینی ئەم هەواڵانە وەکو شتێکی سامناك ئەوانی توشی شۆك کرد. بەڵام مردنی لەلایەن پێغەمبەرانەوە پێشتر ڕاگەیانرابوو کە لە پەیمانی کۆندا باسیکراوە، هەروەها باسی ئەوەش کراوە کە عیسا خۆی دەفەرموێ دەبێ ببێتە قوربانی نەتەوە و شوێنکەوتوانی خۆی. لە "یۆحەننا 10: 11" دا دەڵێت من شوانێکی دڵسۆزم، شوانی دڵسۆزیش خۆی دەکاتە قوربانی لەپێناوی مەڕەکانی. عیسا دەبوایە ئەوەی مەبەستیەتی ئەنجامی بدات، مردنی ئەو پێویستییەك بوو "لۆقا 24: 44، کردار 4: 12" دەبێتە تاکە ڕێگا بۆ قایلکردنی خودای باوکی ڕاستی تاوەکو کەفارەتی تەواو بدات بۆ گوناهەکانی ئێمە.
سەرنج بدە ئەوانەی کە بەرگرییان لە قازانجی ئاینەکەیان کردووە لە ئیسرائیل. ڕزگارکارەکانیان لەخاچ داوە، کۆنەکانی ئیسرائیل ئەندام بوون لە "سەنهەدرین" هەروەها لە خێزانی پایە بەرزی هیرۆدس پێك دەهاتن.. سەرۆکی کاهینەکان ئەندامی باڵا بوون، مامۆستایانی شەریعەت مەشق و ڕاهێنانیان لەسەر پەیمانی کۆن کردبوو، هەمووشیان خەڵکی ئایین زان بوون، ئەرکەکانیان بریتی بوو لە خوێندن و گەیاندن و فێرکردنی کەسانی دیکە.
1. قوتابی دەبێت نکۆڵی لە خۆی بکات "لۆقا 9: 23"
"دواکەوتنی عیسا مەسیح"
ووشەی "دواکەوتن" واتا ئەوانەی کە خۆیان بە شوێنکەوتەی عیسا دەزانن و بە دوای عیسا دەکەون. سەدان کەس هەن کە بەردەوام دوای عیسا دەکەون،

ئەوان گوێ بۆ ئامۆژگاریەکانی دەگرن و سەیری پەرجووەکانی دەکەن. بەڵام لێرەدا عیسا بۆمان ڕووندەکاتەوە کە قوتابی ڕاستەقینە دەبێت چۆن بێت.

"بۆ نکۆڵیکردن لە خۆت"

قوتابی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بەر لە هەموو شتێك مەرامەکانی خۆی وەلابنێ و نکۆڵی لە خۆی بکات، کاتێك پەترۆسیش نکۆڵی لە عیسا دەکات دەڵێت من ئەم کەسە ناناسم، کاتێك تۆ نکۆڵی لە خۆت دەکەیت واتا تۆ پشت دەبەستیت بەخودا و هەوڵ دەدەیت فەرمانەکانی عیسای مەسیح جێبەجێ بکەیت، نکۆڵیکردن لە خۆت واتا وازهێنان لە هەموو ئەو شتانەی کە تۆ بە گوناە و تاوانی دەزانیت و ڕووکردنە چاکەکاری، بەواتایەکی دیکە هەموو ئەوشتانە واز لێ دەهێنیت کە دژی خودا بێت. سەیری نمونەکانی نکۆڵیکردن بکە لە "2کۆرنسۆس 8: 9؛ مەتتا 4: 19 ـ 22؛ مەتتا 9: 9؛ فلیپی 3: 7 – 8".

2. قوتابی دەبێت خاچەکەی هەڵگرێ "لۆقا 9: 23"، هەڵگرتنی خاچ مانای کەسێکی تاوانبارکراو کە زۆری لێ دەکرێت تاوەکو خاچەکەی خۆی هەڵگرێ بۆ شوێنی لەخاچدانی. لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی هەیە. لە نێوان ئەوەی کە ئەو کەسە تاوانبارکراوە بەسەریدا سەپێنراوە ئەنجامی بدات، لەگەڵ ئەو قوتابیەی کە خۆی بەختکردووە و ئامادەی ئازارچێژتنە لەو پێناوەدا و بەهۆی دڵسۆزییەکەی بۆ عیسای مەسیح. لەبەر ئەوە هەموو قوتابیەك خاچی جیاوازی هەیە بۆ هەڵگرتن.

لە "کردار 5"دا بۆمانی باسدەکات کە چۆن قوتابیەکان دەگیران و دەخرانە ناو بەندیخانەوە، فەلاقە دەکران، لەبەر ئەوەی ئەوان ئینجیل و پەند و ئامۆژگاریەکانی عیسای مەسیحیان بۆ خەڵکی دەخوێندەوە، واتا موژدەی ڕزگاریان دەدایە خەڵك، بۆیە خاچەکەی ئەوان ئازاردان و خستنە ناو بەندیخانە بوو، لە "کرداری نێردراوان" بۆمان دەگێڕێتەوە کە چۆن "ئیستیفانۆس بەردباران کرا تاوەکو مردن، لەبەر ئەوەی باسی خەڵکەکەی کردبوو بە یاخی و خیانەتکاری دابوونە قەڵەم و ئەوان خیانەتیان لە نێردراوەکەی خۆیان کردبوو "کردار 7: 51 ـ 52".

لە "2 کۆرنسۆس 11: 23 ـ 28" باسی پۆڵسمان بۆ دەکات و باسی (ئایا خزمەتکاری مەسیحن؟ - وەك مێشك تێکچووێك دەڵێم - من باشترم. من زیاتر ڕەنجم داوە، لە زیندان زیاتر، لە دارکاریکردن زیاتر، ڕووبەڕووبوونەوەی مردن زۆر جار. جولەکە پێنج جار چل قامچی کەم یەکیان لێداوم، سێ جار دارکاری کراوم، جارێك بەردباران کراوم، سێ جار لە کەشتیدا بووم و شکاوە، شەو و ڕۆژێکم لە قووڵایی دەریادا بەسەربرد. لە گەشتی زۆردا، کەوتوومەتە مەترسی ڕووبار و مەترسی چەتە، مەترسی گەلەکەم و مەترسی نەتەوان، مەترسی لە شار و مەترسی لە دەشت، مەترسی لە دەریا و مەترسی خوشکان و برایانی درۆزن، بە ڕەنجدان و ماندوویی، بە شەونخونی زۆر، بە برسێتی و تینوێتی، بە ڕۆژووگرتنی زۆر، بە سەرما و ڕووتی. ئەمانە هەموو لەلایەك، ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگیدان بە هەموو کڵێساکان لەسەرم کەڵەکە دەبێت.)

لە "ئاشکراکردن 1: 9" دا دەخوێنینەوە کە یۆحەننا قەدەغەکرا لە دورگەی باتمۆس، لەبەر ڕاگەیاندنی موژدەی مەسیح، واتا خاچەکەی ئەو بریتی بوو لە شاربەدەرکردن.

3. قوتابی دەبێت دوای عیسای مەسیح بکەوێت "لۆقا 9: 23"، قوتابی دوای عیسای مەسیح دەکەوێت و بەردەوام دەبێت لەسەر شوێنکەوتنی عیسای مەسیح.

شـوێنکەوتنی ئینجیـل واتـا بـاوەڕبوون بـە عیسـا، لـە "یۆحـەننا 6: 66 ـ 69"دا دەخوێنینەوە کە لەبەرئەوەی قوتابیەکان باوەڕیان وابوو کە عیسا تاکە پیرۆزکـراوی خودابـووە، وەك خەڵکەکـەی دیکـە نـەبوون لـە شـوێنکەوتنی. شـوێنکەوتن واتـا ڕۆیشـتن لەسـەر شـوێن پێیـەکانی عیسـای مەسـیح، لـە "1 پـەترۆس 2: 21" باسدەکات (چونکە بۆ ئەمە بانگ کراون، لەبەرئەوەی مەسیحیش لـەپێناوی ئێـوە ئازاری چێژت و نموونـەی بـۆ بەجێهێشـتن، تـاکو بـەدوای هـەنگاوەکانی بکـەون.) شوێنکەوتن واتا ملکەچ بوون بۆ عیسا و فەرمانەکانی.

شـوێنکەوتن واتـا خزمـەتکردنی عیسـا، هـەروەکو لـە "یۆحـەننا 12: 26"دا باسدەکات (ئەوەی خزمەتم دەکات با بـەدوام بکـەوێت. جـا لـە هەرشـوێنێك بـم، خزمەتکاریشم لەوێیە. ئەگەر یەکێك خزمەتم بکات باوکەکە ڕێـزی لـێ دەگرێـت.) بەگوێرەی ئەم ئایەتـە بـەم شـێوەیە عیسـای مەسـیح بـە درێژایـی ژیـان داوا لـە قوتابیـەکانی دەکـات کـە بـەردەوام بـن لەسـەر پیرۆزکـردن و وەرگرتنـی پەنـد و ئامۆژگاری مەسیح و ڕەتکردنەوەی هەندێك شتی دروستکراو.

5. قوتابی دەبێت ژیانی خۆی لەدەستبدات بـۆ عیسـای مەسـیح "لۆقا 9: 24 ـ 25" بۆمان باسدەکات (چونکە ئەوەی بیەوێت خۆی ڕزگار بکات دەیدۆڕێنێت، بەڵام ئەوەی لە پێنـاوی مـن خـۆی بـدۆڕێنێت، ڕزگـاری دەکـات، چونکـە چـی بەکـەڵکی مرۆڤ دێت ئەگەر هەموو جیهان بباتەوە، بەڵام خۆی بـدۆڕێنێت یـان لـە دەسـتی بدات؟) کە دەڵێین ژیان مەبەستمان زۆر شت دەگرێتەوە لەوانـە ڕۆح، خـود، ژیـان بۆخۆی.. هتد

وشـەی ڕۆح لە دەستدانی ژیان

لە نیوەی یەکەمی ئایەتی 24 ووشەی ڕۆح واتا لایەنی نەبینراوی کەسێك کە ئەمەش بەشێکە لە جوانی خودایی کە بە مرۆڤی بەخشیوە، ئەگەر کەسێك بیەوێ ڕۆحی ڕزگار بێت ئەوا پێویستە واز لە کاری تاوانکاری بێهێنێت و بەها و شکۆمەندی خۆی بپارێزێت، بۆ نموونە لە "لۆقا 12: 16 ـ 21" دا باسدەکات کە گەنجە دەوڵەمەندەکە بە خۆی ووت: (ئینجا نموونەیەکی بۆ هێنانەوە: (مرۆڤێکی دەوڵەمەند، زەوییەکەی بەرهەمێکی زۆری دا. لە دڵی خۆیدا ووتی: "چی بکەم کە شوێنم نەبێ بەرهەمەکەمی لێ کۆبکەمەوە؟" جا ووتی: "وا دەکەم، ئەمبارەکانم تێکدەدەم و گەورەتری دەکەم، لەوێدا هەموو دانەوێڵە وماڵەکەم کۆدەکەمەوە. بە خۆشم دەڵێم: (ئەی گیانم، ئەوەتا ماڵێکی زۆرت هەڵگرتووە، بۆ چەندین ساڵ. بحەسێوە و بخۆ و بخۆوە و دڵشادبە.)" بەڵام خودا پێی فەرموو: "ئەی گێلە، هەر ئەم شەو گیانت دەردەچێت. باشە ئەوەی ئامادەت کردووە، بۆ کێی دەبیت؟" بە هەمان شێوە دەبێ بۆ ئەوەی بۆ خۆی کۆدەکاتەوە بەڵام لەلای خودا دەوڵەمەند نییە.) ئەمە نموونەیەکە بۆ هەرکەسێك کە شت هەڵدەگرێ و دەوڵەمەندە بۆخۆی بەڵام بەرامبەر خودادا دەوڵەمەند نییە.

ووشـەی ڕۆح لە ڕزگارکردنی ژیاندا

لە نیوەی دووەمی ئایەتی 24 دا ووشەی ڕۆح بە مانای بەشـی نـەبینراوی نـاو ناخی مرۆڤ دەگەیـەنێ، کـە بـە کـاری خـودایی کـاری تێکـراوە. بەمـەش دوبـارە لەدایکبۆتەوە، کاتێك کەسـێك ڕۆحـی لەدەسـتدەدات بـۆ عیسـای مەسـیح ئەمـە مانای ئەوەیـە ئـەو کەسـە بـە تـەواوی ژیـانی خـۆی بـۆ مەسـیح تـەرخانکردووە، لەبەرئـەوە مەسـیح ژیـانی دەپارێزێـت بـەم شـێوەیە ناخ و دەرەوەی ئـەو کەسـە خۆشی و شادی پێ دەگـات و لـەمـەودوا خۆشـی و شـادی بەدەسـتدەهێنێت، عیسا هانی ئەوانە دەدات کە دەیانەوێت ببنە قوتـابی ئـەو، بـەوەی کـە نـەچن و

توشی خۆپەرستی و خۆ بە گەورە زانین ببن، بەڵکو دەبێت بەرەو لای ئەو بچن و لەناو جیهانی عیسای مەسیح دا ژیان بەسەربەرن. بە نمونە لە "مەتتا 10: 37 ـ 39" دا عیسا دەستەواژەی لەدەستدانی ژیان بەکاردەهێنێت، خۆشویستنی ئەو زۆر زیاتر لەدایك و باوك و كورە. لە "مەتتا 16: 21 ـ 26" عیسا دەستەواژەی لەدەستدانی ژیان بەکار دەهێنێت بە مەبەستی چێژتنی ئازار و چەوساندنەوە لەپێناوی ناسینی عیسای مەسیح و شوێنکەوتنی بەرنامەکەی، لە "یۆحەننا 12: 24 ـ 26" عیسا دەستەواژەی لەدەستدانی ژیان بە مەبەستی خزمەتکردنی مەسیح بێ بوونی خۆپەرستی بەکار دەهێنێت. لە "لۆقا 17: 30 ـ 33" دا بە مەبەستی ئامادەبوون بۆ ڕۆیشتن لەگەڵ عیسا لە دووەم هاتنەوەیدا، لەبەر ئەوە کە مرۆڤ هەموو ژیانی خۆی تەرخان بکات بۆ بەدەستهێنانی هەرشتێك، بەڵام لەپێناوی عیسای مەسیحدا نەبێت ئەوا زەرەرمەند بووە و هیچ شتێکی نەکرووە.

6. دەبێت قوتابی بە سەربەرزی و چاونەترسی خۆی لەگەڵ عیسای مەسیح بگونجێنێت لە "لۆقا 9: 26"دا بۆمان باسدەکات (ئەوەی شەرمی بە من و بە وتەکانم بێت، کوڕی مرۆڤیش شەرمی پێی دەبێت، کاتێ بە شکۆی خۆی و باوك و فریشتە پیرۆزەکانەوە دێتەوە.) شەرمکردن لە خودا و عیسای مەسیح مانای هەوڵدانە بۆ ئەوەی هەمیشە لەگەڵ خەڵکدا باش بیت، ئەو کەسانەی کە هەمیشە ڕووبەڕووی عیسا و بەرنامەکەی دەبنەوە ڕزگاریان نابێت، لە "لۆقا 13: 24 ـ 25"دا عیسا دەفەرموێت (کۆشش بکەن تاکو لە دەرگای تەسك بچنە ژوورەوە، چونکە، پێتان دەڵێم، زۆر کەس هەوڵدەدەن بچنە ژوورەوە و ناتوانن. v\ لەو دەمەی خاوەن ماڵ هەڵدەستێت و دەرگا دادەخات، ئێوە لە دەرەوە دەوەستن، لە دەرگا دەدەن و تکا دەکەن: "گەورەم، لێمان بکەوە!" وەڵام دەداتەوە: "نازانم ئێوە خەڵکی کوێن.")

7. ئاشکراکردنی پاشایەتی خودا بە هێز و دەسەڵاتەوە "لۆقا 9: 27"

لەم بەشەی لۆقادا بۆمان باسدەکات (بەڵام ڕاستیتان پێ دەڵێم، هەندێك لەوانەی لێرە ڕاوەستاون مردن ناچێژن تاکو شانشینی خودا دەبینن.) چۆن دەگونجێ کە هەندێك لە قوتابیانی عیسا پاشایەتی خودا بە دەسەڵاتەوە دەبینن "مەرقۆس 9: 1"؟ "لۆقا 9: 26 ـ 27" بەیەکەوە باسێکی سەرەتا و کۆتایی کارەکانیمان بۆ دەکەن لەسەر زەوی. لە ئایەتی 26 دا عیسا باسی دووەم هاتنەوەی دەکات، کاتێك لەسەر هەورەکان بە شکۆمەندی و بە هەزاران فریشتەوە دەردەکەوێتەوە، لەو کاتەدا حوکمڕانی گشتی خەڵکی دەکات لە هەموو زەوی دا حوکمڕانی دەکات لەسەر بنچینەی ئایا ئەو خەڵکە ئەو دەناسێت یان نا؟ ئایا شوێنی کەوتووە یان نا؟ لەئایەتی 27دا باسی سەرەتای دەستپێکردنی حوکمڕانی خۆی دەکات لەسەر زەوی، هەروەها باسی زیندووبونەوە و بەرزبونەوە و چوونە سەر تەختی دەسەڵات و بەهەشت دەکات، هەروەها خێرایی بڵاوبونەوەی ڕۆحی پیرۆز و بەرنامەکەی بە گشت جیهاندا لەماوەی سەدەی یەکەمدا، دوای ئەوەی عیسا بە هێزی خودایی زیندوو بویەوە، لە لای ڕاستەی خودا دادەنیشێت و توانای دەسەڵاتدانی بە قوتابیەکانی هەیە، بەم شێوەیە ئەرکی خۆیان بۆ دیاری دەکات. "کردار 1: 8؛ ئەفەسۆس 1: 19 ـ 21" سەدان لە شوێنکەوتوانی ئەم ڕوداوانەیان بینیوە و گەواهی(شایەتی) ئەوەیان داوە "1کۆرنسۆس 15: 6".

ب – لەبەرکردن و پێداچونەوە

1. بنوسە:- ئایەتێکی ئینجیل لەسەر کارتێکی بۆش یان لاپەڕەیەکی دەفتەرەکەت بنووسە.
2. لەبەربکە:- ئایەتێکی ئینجیل بەباشترین شێوە لەبەر بکە "لۆقا 9: 23".
3. پێداچونەوە:- بەسەر دوو بەشدا دابەشی بکە، پاشان هەوڵبدە بە ووردی پێداچوونەوە بەسەریاندا بکەیت.
4. خوێندنەوەی ئینجیل 70 خولەك
فریودان لە جیهاندا "مەتتا 4: 1 ـ 11"
پێنج ڕێگاکەی ئینجیل بەکاربهێنە بۆ خوێندنەوەی ئینجیل، وەکو خوێندنەوەی "مەتتا 4: 1 ـ 11" بەیەکەوە.
هەنگاوی یەکەم: خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز
بخوێنەوە: با "مەتتا 4: 1 ـ 11" بەیەکەوە بخوێنینەوە
با هەریەکەمان ئایەتێك بخوێنینەوە تاوەکو تەواو دەبێت.
هەنگاوی دووەم: دۆزینەوە و ڕەچاوکردن
ڕەچاو بکە: کام خاڵ لەم دەقەدا بۆ تۆ گرینگە؟ یان کام خاڵ لەو دەقەدا بیر و هەستی تۆ دەجوڵێنێت و فێری شتی تازە و ڕاستیت دەکات؟
تۆمار بکە: خاڵێك یان دوان بدۆزەرەوە کە تێیان بگەیت بیریان لێ بکەرەوە و بنوسە، سەرنج و تێبینیەکانت لە دەفتەری تایبەتی خۆتدا.
بەشداری بکە: دوای ئەوەی ئەندامانی گروپ نزیکەی دوو خولەکیان هەبوو بۆ بیرکردنەوە و نوسین بەیەکەوە بەشداری بکەن. ئینجا با هەریەکەیان بەشداری لەگەڵ یەکتریدا بکەن و باسی بکەن کە لەو خوێندنەوەدا چی فێربوون.
ئەمانەی خوارەوە نمونەی باون لەسەر بەشداری خەڵك لەسەر ئەوەی کە دۆزیویانەتەوە بیرت بێت، لەهەموو گروپێکی بچوکدا ئەندامانی گروپ بە شتی جۆراوجۆر و جیاوازەوە بەشداری دەکەن.
4: 4 دۆزینەوەی یەکەم، دەستەواژەی نوسراو
عیسا چەند جار ئەم دەستەواژەی لە پەڕتووکی پیرۆز وەرگرتووە و باسی کردووە، هەروەکو لە موژدە بەگوێرەی نووسینی مەتتا هاتووە، هەروەها سێ جار لە "ووتەکان 6 ـ 8" و پەیمانی کۆندا عیسا بۆ چونێکی بەرز و بەهاداری بەرامبەر پەڕتوکی پیرۆز هەبووە ئەو پەڕتووکی پیرۆزی بە سەرچاوەی هەموو ڕاستیەکانی ژیان و هەموو مەزهەب و ئایینەکان دەزانی، ئەو هەمیشە پەڕتووکی پیرۆزی بۆ فێرکردن و ڕاهێنانی خەڵکی بەکاردەهێنا، پەڕتووکی پیرۆزی بۆ ووریاکردنەوە و تێگەیاندنی خەڵك بەکاردەهێنا، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خەڵك بەکاری دەهێنا، بۆ وەستان لە دژی فریودانی خەڵك بۆ کاری خراپە!
4: 11 دۆزینەوەی دووەم "شەیتان عیسای جێ هێشت"
بەردەوام شەیتان هەوڵی فریودان و لەخشتەبردنی مەسیحیەکان دەدات، وەکو لێرەدا بە کۆمەڵێك شتی فریودەرەوە لەخشتەمان دەتوانێ بەرێت، ئەمەش بۆ ئەوەی ئێمەی مەسیحی بکەوین و هەڵنەستینەوە و بدۆڕێین، لەگەڵ ئەوەشدا عیسا ئەوەمان بۆ باسدەکات کە دەتوانین بەسەر شەیتان و کارە فریودەرەکانیدا زاڵ بین، هەروەها خودا لەکاتێکدا کۆتایی بەو کارە فریودەرانەی شەیتان دەهێنێت، دوای جەنگێك لە دژی فریودانی شەیتان. بەڵام ئێمە وەکو مەسیحی دەبێت هەردەم لە ئامادەباشیدا بین، لەبەرئەوەی ئەو هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدات کە بگەڕێتەوە و فریومان بدات.
هەنگاوی سێیەم: پرسیار "ڕونکردنەوە"

ڕەچاو بکە: چ پرسیارێك دەربارەی هەرشتێك بێت تۆ لەم دەقەدا بەلاتەوە گرینگە کە لە گروپەکەتی بکەیت؟ با هەموو ئەو ڕاستیانە لە "مەتتا 4: 1 ـ 11" وە فێربین، هەروەها پرسیاری هەموو ئەو شتانە بکەین کە لێیان تێناگەین.
تۆمار بکە: پرسیارەکان بەو شێوەی کە دەگونجێ دروستیان بکە، پاشان ئەو پرسیارانە لەسەر دەفتەرەکەت تۆمار بکە.
بەشداری بکە: دوای ئەوەی ئەندامانی گروپ نزیکەی دوو خولەکیان هەبوو بۆ بیرکردنەوە و نوسین، با هەر یەکە پرسیارەکەی خۆی بکات.
گفتوگۆ بکە: پاشان چەند پرسیارێکی کەم هەڵبژێرە و هەوڵبدە بە گفتوگۆکردنیان لە گروپەکەت وەڵامیان بدەیتەوە.
ئەمانەی خوارەوە چەند نمونەیەکە لەو پرسیارانەی کە قوتابیان دەیکەن، لەگەڵ هەندێ تێبینی دەربارەی گفتوگۆی ئەو پرسیارانە.
4: 1 پ1 / شەیتان کێیە
سەرنج: شەیتان فریشتەیەکی دۆڕاوە، ئەو لە دژی خودا و پلانی خودا وەستایەوە. بە کۆنتڕۆڵکردنی سوپایەك لە شەیتانەکان و بێباوەڕان لەم دونیایەدا. ئەو هەمیشە هەوڵی تەگەرە خستنە بەردەمی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز دەدات و خەڵك هان دەدات بۆ ئەنجام دانی تاوان و هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی بیر و هۆش دەدات بۆ ئەوەی نییەتی خۆی جێبەجێ بکات "2 تیمۆساوس 2: 26". نەیارێکی سامناکە و مەسیحیەکان تەنها بە هۆی هێزی خوداییەوە دەتوانن لە دژی بوەستنەوە. یەکەم مەبەستی هاندانی خەڵکە بۆ گوناه و تاوان، دوای ئەوەی خستیە ناو گوناە و تاوان پشتیان تێ دەکات و لای خودا تاوانباریان دەکات "ئاشکراکردن 12: 10". سەرەڕای هەموو ئەوانە شەیتان درۆزن و باوکی درۆیە "یۆحەننا 8: 44".
4: 1 پ2/ فریودان چییە و کێ دەتوانێت بێتە هۆی فریودان؟
سەرنج: فریودان مانای هۆکارێکە تاوەکو ئێمەی مرۆڤ بەرەو کاری گوناهکاری بەرێت. گوناە شتێکە دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە مەبەست و مەرامی خودایی فریودان، هەمیشە دەیەوێت ژیانمان بخاتە مەترسیەوە و بماندۆڕێنێ، بەم شتانەی خوارەوە فریو دەدرێین.
سروشتی تاوانکاریمان بەرەو فریودان دەمانبات
لە "یاقوب 1: 13 ـ 15" بۆمان باسدەکات (با کەس کاتێ تاقی دەکرێتەوە نەڵێت: (لەلایەن خوداوە تاقی دەکرێمەوە.) چونکە خودا بە خراپە تاقی ناکرێتەوە، ئەویش کەس تاقی ناکاتەوە. بەڵکو هەر کەسێك بەو هەوەسەی هەیەتی تاقی دەکرێتەوە، ئەگەر پێی ڕاکێشرا و هەڵخەڵەتا. کە هەوەس سك بکات گوناهی لێ دەبێت، گوناهیش کە گەشەی کرد مردن بەرهەم دێنێت.)
جیهانی خراپەکاری و شەیتان بەرەو فریودانمان دەبات
چەندین شێوە و بابەتی جۆراوجۆر هەیە لەناو جیهانی فریوداندا، هەروەکو لە "1یۆحەننا 2: 15 ـ 17" دا باسی دەکات. یۆحەننای نێردراو باس دەکات کە کاتێك ئەو فریودانە ڕوودەدات کە ئێمە بە دڵ و بیر حەز لە شتێك دەکەین و دواتر بە شێوەی کردارییانە ئەنجامی دەدەین، چاوی خەڵکی خراپەکار هەمیشە ڕووە و ئەنجامدانی کاری تاوانکاری و خراپەیە، دڵ هەمیشە حەز و تامەزرۆی خراپە دەکات، مەیلی تاوانکاری هەیە. زۆر هەیە دوای ئەوەی کاری تاوانکاریەکە ئەنجام دەدات دواتر زۆر شانازی پێوە دەکات و خۆی بە ڕاست دەزانێت، زۆر جار لە ئەنجامدانی کاری سێکسیدا دواتر خۆی بەسەربەرز دەزانێت و باسی دەکات، هەندێك جار ئەو حەزو ئارەزووە مەیلی بە لای کوشتن و شتی زۆر سامناکدا

هەیـە، یۆحـەنای نێـردراو بۆمـان باسـدەکات کـە چـۆن ئـەو کـارە تاوانکاریانـە سـەرئەنجامیان بەرەو کوێ دەگات.

شـەیتان دەتوانێت بەرەو فریودانمان بەرێت

شـەیتان وەکو شێرێکی بە نەڕەنەڕ وایە کە بە دەوری نێچیرەکەیدا دەسـوڕێتەوە "1پەترۆس 4: 8، ئەفەسـۆس 6: 16" مەبەسـتی شـەیتان فریودانی خەڵکە بـەرەو تاوانکاری و بۆ کردنی کارێك کـە لـە دژی فەرمانـەکانی خودایێـت و لەمەبەسـتی خوداییەوە دووریێت.

4: 2 پ3 / عیسا چل شـەو و چـل ڕۆژ بـەڕۆژوو بـوو، ئایـا ئـەمڕۆ مەسـیحیەکان دەتوانن بەڕۆژووبن؟

سـەرنج: نوێژ و ڕۆژوو لە "مەتتا 6: 5 ـ 18" دا

ڕۆژوو بەشـێکە لـە یاسـای پـەیمانی کـۆن، لـە یەکـەم هـاتنی عیسـادا، ڕۆژوو هەڵوەشێنرایەوە "مەرقۆس 2: 18 ـ 22، ئەفەسـۆس 2: 14 ـ 15" لـە دوا بەشـی کۆتایی سـەدەی یەکەمی دوای زاییندا، جارێکی دیکە ڕۆژوو لە هەندێك بازنـەی ئایینیدا گەڕایەوە، عیسـای مەسـیح مەسیحیەکانی فێری نوێژ و نزاکردن کـردووە، داوای لێ نەکردوون کە بەڕۆژوو بن، هەروەها قەدەغەشـی نەکردووە کە بـەڕۆژوو بن. ئەگەر مەسـیحیەکان دەیانەوێت بەڕۆژوو بن دەبێت بە شێوەی شـاراوە بەڕۆژوو بن "مەتتا 6: 16 ـ 18".

بەڕۆژوو بوون لە "مەتتا 9: 14 ـ 15" دا

بەڕۆژوو بوون بەشێك بوو لەوەی عیسـا لە "مەتتا 9: 15"دا فێرمان دەکـات " ئایـا دەکرێت شـاییگێڕان ماتەم بگێرن، لەو کاتەی زاوا لەناویان دایە؟ بەڵام ڕۆژانێك دێت زاوا لەناویان هەڵدەگیرێت، ئەوسا بەڕۆژوو دەبن." عیسـا زاوایـە و مەسـیحیەکان بووك، لە "یۆحەننا 16: 16 ـ 22" مەسـیح باس دەکات کە مەسـیحیەکان دەتـوانن ماتەم بگێرن و بەڕۆژوو بن تەنها کاتێك کە زاوا لەناویان نـەما "بۆماوەیـەکی کـەم" ئەمەش ئەو سێ ڕۆژەی کە لەناو گۆڕدابوو و دووەمیان ئەو دە ڕۆژەی کە لە نێوان بەرزبونـەوەی و بڵاوبوونـەوەی ڕۆحـی پیـرۆزدا بـوو. دوای عیسـا دەتـوانێ لـەناو مەسیحیەکاندا بمێنێتەوە تاکو کۆتایی دونیا لەگەڵیان بێت "مەتتا 28: 20؛ یۆحەننا 14: 16 ـ 17"

ڕۆژوو لە "مەتتا 9: 16 ـ 17"

دواتـر مەسـیح بـەردەوام دەبێـت و دەڵێـت خـەڵك شـەڕابی تـازە ناکەنـە نـاو مەشکەی کۆن، چونکـە ئەگـەر ئەمـە بکـەن ئـەوا مەشـکەکە دەتـەقێت و بەرگـە نـاگرێ، هـەموو شـەڕابەکەش بـەفێڕۆ دەچێـت بۆیـە شـەرابی تـازە دەکەنـە نـاو مەشکەی تازەوە. لە ماوەی پەیمانی کۆندا تـەنها ڕۆژێـك لـە سـاڵێکدا "خـۆگرتن" ئەنجام دەدرا لەناو خەڵکی ئیسڕائیلدا، ئەمەش دەکەوتە ڕۆژی "گوناه پاکردنەوە" (1407 پ. ز.) "لێڤیەکان 16: 26 ـ32"

ئیشایای پێغەمبەر (740 – 680 پ. ز.) زۆر بە ڕوونی فێرمان دەکات کە خـۆگرتن بریتیە لە شتێك کە جیاوازە لە دوورکەوتنەوە لە خواردن و خواردنەوە، ئەو جۆرەی ڕۆژوو "خـۆگرتن" کـە خـودای گـەورە دایـناوە بـۆ ئەوەیـە زنجیـرەی نـاڕەوایی و نادادپـەروەری لابـەرێت و زۆرداری و دەرەبـەگی نـەهێڵێت، هـیچ شـوێنەوارێکی بەندایەتی و دەربەری بەسـەر بەندەکانەوە نەهێڵت، هەروەها بۆ ئەوەی یارمەتی هەژار و کامدەرامەتەکان بدرێ و شـوێنیان بۆ دابین بکرێ، بۆ ئەوەی خەڵکی پـێ پەتی پۆشتە بکرێ، هەروەها بۆ دوورکەوتنەوە لـە خزمگەریـەتی "1 تیمۆسـاوس 5: 4 ـ 8"

لەگەڵ ئەوەشدا دوای ئاوارەیی (538 پ. ز.) جولەکەکان خۆگرتنەوەیان وەکو ڕۆژوو هەژمارد دەکرد و بەم شێوەیە کردبویانە بەشێك لە نەریتی بۆنەکانیان، بەم شێوەیە ئەوەیان پشتگوێ دەخست کە ئیشایا دەربارەی خۆگرتنەوە چی گوتووە "زەکەریا 7: 5 ـ 10؛ 8 ـ 19" لە سەردەمی عیساشدا فەریسییەکانی جولەکە هەفتەی دووجار هەر بەڕۆژوو دەبوون "لۆقا 18: 12"

"شەڕابی کۆن نیشانەی ماتەمە" کە بووە تایبەتمەندیەکی گەورە و دیاری جولەکەکان دوای ماوەی ئاوارەیی، هەروەها مەشکەی کۆن بۆ ماتەمگێڕی، بەڕۆژوو بوونی جولەکەکان بووە شەڕابی تازە و ڕزگار بوون و خۆشی بوو کە بەهۆی مەسیحەوە هاتبوو، مەشکەی تازەش دەربڕینی خۆشی و ڕزگار بوون بوو، خۆشی ڕزگاربوون جیاواز بوو لە ماتەم و بەڕۆژووبوون خۆشی ڕزگار بوون ڕێگایەکی تازەبوو بە پەیوەندی بە خودا و خزمەتکردنی ڕێگە کۆنەکەی بەڕۆژووبوون لابەری خۆشی بوو.

مردن و زیندووبوونەوەی عیسا بەدیهات "مەتتا 5: 17" لەبەرئەوە هەڵوەشێنرایەوە "کۆلۆسی 2: 14" و کاری پێ نەکرا "ئەفەسۆس 2: 15"، بەم شێوەیە بەڕۆژووبوون وەکو بۆنەیەکی ئایینی نەمایەوە، بەڵکو لەمەودوا مەسیحیەکان ئەگەر حەزیانکرد دەتوانن بەڕۆژوو بن ئەگەر نا زۆریان لێ ناکرێ.

4: 2 ـ 4: پ4/ یەکەم فریودانی عیسا لەلایەن شەیتانەوە چی بووە؟

سەرنج: دوای بەڕۆژوو بوون بۆ ماوەی "40" ڕۆژ عیسا زۆر برسی بوو، شەیتان بۆ عیسا دەرکەوت و داوای لێ کرد کە بەردێك بکاتە نان، بەم شێوەیە بوو شەیتان ویستی عیسا فریوبدا بۆ ئەوەی باوەڕی بە خودا نەبێت، شەیتان هەوڵی تێکشکاندنی عیسای دەدا و هەوڵی لاوازکردنی باوەڕەکەی دەدا، بەم شێوەیە دەیویست عیسا فریوبدا تاوەکو بێ منەت بێت لە خودای گەورە و پشتیوانیەکەی، بەڵام عیسا بە پشتبەستن بە ووشەی خودا بەسەر ئەم فریودانەدا زاڵ بوو، ئەگەر خودا توانیویەتی ئەم هەموو ئەستێرەیەی گەردوون دروستبکات تەنها بە یەك ووشە کەواتا زۆر ئاسانە خودا ئاگای لە هەموو پێویستی و کاری ڕۆژانە بێت و ئاگای لە بەندەکانی بێت.

4:4: پ5/ مەبەست لە "ئەو ووشانەی لە دەمی خوداوە دێنە دەرەوە چییە؟

سەرنج: مەبەست لە "ئەو ووشانەی لەدەمی خوداوە دێنە دەرەوە" بریتیە لە توانا و دەسەڵاتی خودایی لە قسەکردندا، هەروەکو بەم شێوەیە گەردوونی دروست کرد "عیبرانیەکان 11: 3" تاوەکو ئەمڕۆش هێشتویەتیەوە "عیبرانیەکان 1: 2 ـ 3" هەر تەنها بەهۆی قسەی خۆیەوە خودا خواردنی بۆ ئیسڕائیلیەکان لە بیابان دروست کردبوو، ئاگاداریشی بوو، بەم هۆیەوە خودا لە ماوەی چل ڕۆژی بەڕۆژووبوونی لە چۆڵەوانی چاودێری عیسای کرد لە کاتێکدا شەیتان ڕای وابوو کە تەنها نانی ئاسایی پێویستە بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنیتەوە، بەڵام عیسا پێی وابوو کە نەك خواردن بەڵکوو مرۆڤ بە ووشەی خودا دەژی

4: 5 ـ 7 پ6 / دووەم فریودانی عیسا چی بوو لە لایەن شەیتانەوە؟

سەرنج: شەیتان هەوڵی دا عیسا خودا تاقی بکاتەوە، ئەویش بە خۆفڕێدان لەسەر سەربانی بەرزی پەرستگاوە بۆ ئەوەی عیسا بۆی دەرکەوێت کە ئایا فریشتەکانی خودا دەتوانن پارێزگاری لەو بکەن و بیگرنەوە، بەر لەوەی بکەوێتە خوارەوە، ئەمەش دووەم فریودان بوو شەیتان دەیویست عیسا فریو بدات، تاوەکو باوەڕێکی خراپی بەرامبەر بە خودا بۆ دروست بێ، ئەم فریودانەی شەیتان شتێك بوو لە سەرووی ئاساییەوە بوو، بەم شێوەیە شەیتان دەیویست عیسا شتێکی بێ مێشکانە ئەنجام بدات. شەیتان دەیویست عیسا خودا تاقی بکاتەوە

کە ئایا دەتوانێت پارێزگاری لێ بکات کاتێك لە سەربانی تەلارێکی بەرزەوە دەکەوێتە خوارەوە، بەڵام لەدوایدا عیسا توانی بەسەر هەموو فێڵەکانی شەیتاندا زاڵ بێت، ئەویش بە بیرکەوتنەوەی کتێبی پیرۆز کە دەڵێت: "هیچ کەسێك ناتوانێ خودا بخاتە تاقیکردنەوەوە"

ئەمانەی خوارەوە چەند نمونەیەکن لە بوونی باوەڕی هەڵە بەرامبەر خودا، ئەگەر من داوا لە خودا بکەم کە چاکم بکاتەوە لە نەخۆشی و لە هەمان کاتیشدا من لە ژیانێکی ناتەندروست دابم ئەوا من باوەڕی هەڵەم بەرامبەر بە خودا هەیە، ئەگەر من سەیری ڤیدیۆیەکی بەدڕەوشت یان توندوتیژ بکەم و لە هەمانکاتدا نوێژ بکەم (خودایە من لە شتە بە نرخەکانی دووردەخاتەوە) "زەبورەکان 19: 37" کەوتا من بەرامبەر خودا تاوانبارم و دوودڵم لە کارەنی، عیسا گوتی پێویست ناکات من هەوڵی فریودانی خودا بدەم لەکاتێکدا من باوەڕم بە خودا بەهێزە.

4: 6: پ7 ئایا نایێت عیسا شوێنکەوتەی ئەو شتانە بێت کە لە کتێبی پیرۆزدا نوسراون، کە شەیتان وەری گرتوون و باسیان دەکات؟

سەرنج: شەیتان (زەبوورەکان 91: 11ــ 12) بۆ عیسا دەهێنێتەوە. دانەری سروودەکانی ئینجیل کە داودە ئاماژەی بۆ کارەکانی فریشتە خوداییەکان کردووە بۆ سوودگەیاندنیان بە خەڵکی "عیبرانیەکان 1: 14؛ پەیدابوون 28: 12" بە نموونە، فریشتە بەرەو چاکەکاری ڕابەرایەتی مرۆڤ دەکات "پەیدابوون 24:7" هەروەها هەمیشە پارێزگاری لە باوەڕدار دەکات "زەبوورەکان 34:7؛ دووەم پاشایان 6: 16ـ17؛ بەڵام شەیتان پێچەوانەی ئینجیل کاردەکات و دەیەوێت خەڵك و عیسا فریوبدات. شەیتان سرودبێژ بوو "زەبوورەکان 91: 11ــ 12" تاوەکو بە بیروڕای خۆی خودا فرپوبدات بۆ ئەوەی بزانێت کە ئەو پارێزگاری عیسا دەکات! لە "یۆحەننا 8: 44"دا دەڵێت شەیتان درۆزنە و باوکی درۆیە، شەیتان هەرگیز ڕاستی نالێت لە کاتێکدا ئینجیل هەمووی ڕاستییە.

وشەکانی ناو ئینجیل دەبێت بە گوێرەی نییەت و نیازی خودا بخوێنرێتەوە و کاری پێ بکرێت کە خودا خۆی بۆ چ مەبەستێك داینـاوە. لەبەر ئەوە دەبێت بۆ تێگەیشتنی ووشەکانی ئینجیل سەردەم و ئەو چوارچێوەیە بزانرێت کە تیایدا دانراوە، هەروەکو بە گوێرەی ئیسرائیلیە کۆنەکان و یۆنانیەکان پشتگوێخستنی هەندێك شت لە لایەن پیاو گەورە و دەسەڵاتدارانەوە بووە هۆی ئەوەی هەندێك کەس بە هەڵە لە مانای ئینجیل تێ بگەن، ئەمەش نییەت و مەبەستی شەیتان بوو. هەروەکو هەندێك کەس هەبوون بە ئاکار خەریکی فێرکردنی ئینجیل بوون بۆ خەڵك، بەڵام لە هەمان کاتدا فێڵی لە خۆی و لە خەڵکیش دەکرد و مەبەستی دیکەی هەبوو.

عیسا مەبەست و نیازەکانی شەیتانی دەزانی، ئەو دەیزانی کە شەیتان لە هەوڵدایە تاوەکو ناوەڕۆکی ئینجیل بەشێوەیەکی هەڵە پیشانی خەڵك بدات و مانایەکی هەڵەی بۆ دابنێ، بەڵام عیسا بە خەڵکی ڕاگەیاند کە ئاگاداربن هیچ کەس ناتوانێت خودا بخاتە تاقیکردنەوەوە.

4: 8ــ9: پ8 ئایا ڕاستە کە هەموو جیهان بەشێکە لە شەیتان و لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو دایە؟

سەرنج: بانگەشەی ساختە و هەڵەی شەیتان

شەیتان هەمیشە شانازی بەخۆیەوە دەکات کە هەموو گەردوون و مرۆڤایەتی هی ئەوە و لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدایە، لەبەر ئەوەی ئەو دەزانێت هەموو گەردوون بەو بەخشراوە "لۆقا 4: 5 ـ 7" نابێت هەرگیز ئەوەمان لەیاد بچێت کە شەیتان

درۆزن و ڕووڕەشە. "یۆحەننا 8: 44؛ 2 کۆرنسۆس 11: 14" ئەو هەموو شانازی و خۆبەگەورەزانیەی شەیتان جگە لە شتێکی بێهوودە هیچی دیکە نییە و بانگەشەی ساختە و درۆیە.

ووشەی (جیهان) "کۆزمۆز" لە ئینجیلدا بە چەند مەبەستێکی جیاواز بەکارهاتووە

بەڵام چوارچێوەی دەقەکە مانا ڕاستییەکەی دەبەخشێت، جیهان وەکو گەردوونێکی ڕێکخراو "یۆحەننا1: 10؛ 17: 5، 24" زەوی "یۆحەننا 21: 25" جیهان وەکو شانۆی مێژووی مرۆڤایەتی، خەڵکی سەر زەوی، مرۆڤ خۆی "یۆحەننا 1:4، 3، 4: 9؛ 18: 36 ــــ37؛ 17: 18 ؛ 16: 21، 28؛ 14: 31؛ 12: 46؛ 11: 27؛ 9: 39؛ 19؛ 1: 9"

جیهان بە شێوەیەکی گشتی "یۆحەننا 7: 4؛ 14: 22"

جیهان وەکو مرۆڤایەتیەکی دۆڕاو: دڵڕەنجاو و دوور لە خودا، پڕ لە گوناه "یۆحەننا 3: 19"

جیهان بەبێ بوونی جیاوازی لە دەوروپشت:- جیهانی مرۆڤایەتی دۆڕاو لە "یۆحەننا 3: 19" دا باس کراوە بەڵام خەڵك بەبێ بوونی جیاوازی ڕەگەز و نەتەوەو زمان و... هتد

"1یۆحەننا 2: 2؛ 4: 14 ـ 15؛ یۆحەننا 1: 29؛ 3: 16؛ 3: 17؛ 6: 33 ـ 51؛ 8: 12؛ 9: 15؛ 11: 52؛ 12: 32؛ 4: 42 " وا دەسەلمێنن کە جیهان بەشێك نییە لە دەسەڵاتی شەیتان، بەڵکو تەنها بۆ خودا دەگەڕێتەوە، بۆ مەسیح و مەسیحیەکان. "یۆحەننا 15: 18؛ 1 یۆحەننا 5: 19" خودا شەیتانی خۆشناوێ، هەروەها ئەوانەشی خۆشناوێ کە دوای شەیتان دەکەون، هەروەها ئەوانەی هەمیشە کاری خراپ دەکەن. "یاقوب 4: 4؛ زەبوورەکان 5:11؛ 5: 4 ـ 6؛ ڕۆما 1: 18" دەبێت ئەوەش بزانیت ئەمە ئاماژە بۆ هەموو مرۆڤایەتی ناکات کە لە سەرەتاوە لەسەر ئەم زەویە ژیاون.

جیهانی خراپەکاری و شەیتان

گوتمان کە لە "یۆحەننا 3: 19" دا باسی مرۆڤایەتی دۆڕاو کراوە، بەڵام ئەو خەڵکانەی کە دژی خودا کاری خراپەکاری دەکەن، "یۆحەننا 7:7؛ 8: 23؛ 12: 31؛ 14: 17، 30، 31؛ 15: 18؛ 17: 9، 14 ـ 16، 25؛ 1یۆحەننا 2: 15 ـ 17؛ 3: 1، 13؛ 4: 4 ـ 5؛ 5: 4، 5، 19" تەنها ئەو بەشە لەژێر کۆنتڕۆڵی شەیتاندایە کە دوای ئەو دەکەون و کاری خراپ ئەنجام دەدەن "1یۆحەننا 5: 19" بەڵام دەبێت بشزانین کە شەیتان ناتوانێت خەڵکی زیرەك و بلیمەت بخەڵەتێنێ "1یۆحەننا 5: 18".

جیهانی خەڵکی هەڵبژێردراو

هەموو ئەوانەی کە خودا لە جیهاندا هەڵیبژاردوون نموونەن، تەنها عیسای مەسیح ڕزگارکاریانە "یۆحەننا 4: 42؛ 1یۆحەننا 4: 14"

تەنها جیهانی خراپەکاری لە ژێر کۆنتڕۆڵی شەیتان دایە

کاتێك عیسای خوداوەند دەڵێت: جیهان لە ژێر کۆنتڕۆڵی خراپەکارێك دایە "1یۆحەننا 5: 19" مەبەستی هەموو ووڵات و خەڵك و جیهان نییە کە لە ژێر دەستی شەیتاندا بێت، لە "1یۆحەننا 5: 19"دا ووشەی "جیهان" هەموو جیهان ناگەیەنێ، هەروەها جیهانی مەسیحیەکان ناگرێتەوە، بەڵکو جیهانی تاوانباران دەگرێتەوە، جیهانی بێ باوەڕان دەگرێتەوە، ئەو جیهانەی کە تیایدا بەندەکانی تاوانکاری هەر بەو شێوەیە دەمێننەوە و خەریکی کاری تاوانکارین، هەمیشە خەریکە دەبێتە دارو دەستەی شەیتان، شەیتان ناتوانێت کەسێکی مەسیحی باوەڕ پتەو بخەڵتێنێ 1یۆحەننا 5: 18 بەم شێوەیە شەیتان کۆنتڕۆڵی هەموو

تاوانکاران دەکات ئەفەسۆس 6: 16 بەڵام شەیتان هەمووکات لەژێر کۆنترۆڵی مەسیحیە ڕاستەقینەکاندایە "1یۆحەننا 4: 4" هەروەها لەو ساتانەدا کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدات لەگەڵ مەسیحیەکانداو نازانێت چۆن لەدەستیان ڕابکات "ڕۆما 8: 28"

گشت جیهان لەژێر دەستی عیسای مەسیح دایە

لە ماوەی سەردەمی پەیمانی کۆندا، خاوەن شانشینی هەموو جیهان خودابوو، شەیتان هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو "ئیرمیا 32: 17، 27، زەبوورەکان 9: 7؛ 29: 10؛ 93: 1 ـ 2، 145 ـ 13؛ 146: 10، 14؛ زەبورەکان 2" بۆ نموونە فریشتەکان هەموو سوپای شەیتانیان لە ماوە یەك شەودا بەزاند، "ئیشایا 37: 36 ـ 37" لەماوە ژیانی عیسا لەسەر زەویدا پێشتر کاتێك عیسا لەسەر زەوی ژیا بەشداری لە هیچ شەڕێکی پیرۆزدا نەکردووە، هەروەها هەمیشە قسەی دەربارەی هەموو شەڕێکی پیرۆز دەکرد، دەیگوت کە هەرکەسێك شمشێری پێ بێ دەبێ بە شمشێر بکوژرێ، "مەتتا 26:25" عیسا دەیگوت کە داوا لە خودای باوك بکات تاوەکو دەسەڵاتی پێ بدات و هەموو خەڵکی خراپەکار و شەیتان لەناوبەرێت، بەڵام ئەو ئەوەی ڕەتکردەوە، چونکە مەبەستی دیکەی هەبوو، ئەویش بەدیهێنانی دادگەری و ئامۆژگاریەکانی پێغەمبەران بوو "مەتتا 26: 53 ـ 54".

جگە لە خودا هەروەها هیچ کەسێك دەسەڵاتی بەسەر مەسیحدا نییە "یۆحەننا 19: 11"

مردنی عیسای مەسیح:- کاتێك عیسای مەسیح مرد شەیتان لە بەهەشت دەرکرا، چونکە ئەو هەمیشە بە لوتبەرزیەوە باوەڕدارانی تاوانبار دەکرد "ئاشکراکردن 12: 7 ـ 12؛ یۆحەننا 1: 6" هەروەها لە شوێنی دەسەڵاتیشی لەسەر زەوی دەرکرا "بینین 20: 1 ـ 3؛ 1یۆحەننا 3: 8؛ یۆحەننا 12: 31 ـ 32؛ مەتتا 12: 28 ـ 30؛ 24: 14؛ دانیال 10: 13 ـ 14"

زیندووبونەوەی عیسای مەسیح:- دوای ئەوەی عیسای مەسیح لە مردنەوە زیندووبۆوە هەموو دەسەڵاتەکانی ئاسمان و زەوی خرانە ژێر دەسەڵاتی ئەو "مەتتا 28: 18" دوای ئەوەی عیسای مەسیح زیندوبۆوە، شەیتان و دارودەستەکەی و فریشتەکان هەموویان ملکەچی فەرمانەکانی بوون "ئاشکراکردن 5: 8 ـ 14؛ 1پەترۆس 3: 23؛ ئەفەسۆس 1: 20 ـ 22" دوای ئەوەی عیسای مەسیح زیندووبۆوە بانگەشەی بۆ خەڵك دەکرد کە بچنە ناو دەسەڵاتی ئەو و پەند و ئامۆژگاریەکانی وەرگرن "یۆحەننا 12: 32" ئەوانی لە سنووری دەسەڵاتی شەیتان هێنایە دەرەوە و خستنیە ژێر سنووری خۆیەوە "کۆڵۆسی 1: 13" عیسای مەسیح بەم شێوەیە زاڵ دەبێ بەسەر جیهانی تاوانکاران و شەیتانیدا، بەڵام جیهانی تاوانکاری تاوەکو کۆتایی ژیان هەر دەمێنێ "یۆحەننا 16: 33" عیسای مەسیح ئێستا پادشای پادشایانە و دەسەڵاتداری دەسەڵاتدارانە "بینین 1: 5 ـ 8؛ 3: 26 ـ 27؛ 5: 8 ـ 14؛ 6: 2؛ 12:10 ـ 12؛ 17: 14؛ 19: 16؛ 22: 13" مەسیحیەکان بەیەکەوە لەگەڵ عیسای مەسیح کۆدەبنەوە، لە هەموو نەتەوەیەك بۆ عیسای مەسیح "مەتتا 12: 30؛ 2 تیمۆساوس 2: 25 ـ 26"

4:8 ـ 10: پ9/ سێیەم فریودانی عیسا لەلایەن شەیتانەوە چی بووە؟

سەرنج: شەیتان ویستی عیسا فریوبدا تاوەکو خودا وەلابنێ و لە جیاتی ئەو شەیتان هەڵبژێرێ، ئەو لە سنووری دەسەڵاتی ئەو جیهانەدا ویستی عیسا فریوبدا، تەنانەت لەوانەیە بە خەیاڵ بوبێت، شەیتان هەموو جیهان و شانشینی

جیهانی پێشانی عیسا دا. پاشان پەیمانی بە عیسا دا کە هەموو جیهانی بە پلە و پایە و شکۆمەندیەوە پێ ببەخشێت، بەو مەرجەی عیسا ئەو بپەرستێ. لە سێیەم فریودان‌دا شەیتان ویستی عیسا فریو بدا کە باوەڕ بە شەیتان بکات لە جیاتی باوەڕکردن بە خودا "زەبوورەکان 2: 6 ـ 8؛ عیبرانیەکان 1: 1 ـ 5؛ 5: 5" بەڵام شەیتان درۆزنە "یۆحەننا 8: 44" هەروەها هەمیشە بە دەمامکی فێڵاویەوە وا خۆی پێشان دەدات کە ئەو نێردراوی خودایە "2کۆرنسۆس 11: 14" بە دڵنیایەوە شەیتان لەم جیهانەدا خاوەنی هیچ شتێك نییە "زەبورەکان 145: 13؛ 146: 10" لەبەرئەوە کە شتێکی نەبێت چۆن دەتوانێت بیبەخشێت! عیسا هەر زوو لەو فریودانەی ئەو تێگەیشت و ئەو ئایەتانەی خودای بیرکەوتەوە کە دەڵێت خودا خاوەنی هەموو زەوی ئاسمان و شتەکانیەتی.
لەمڕۆڤدا خەڵکی دەبینین دەچنە پەرستگاکان و ڕێککەوتن لەگەڵ بتەکانی ناو پەرستگاکاندا دەکەن کە هەموو شتێك بۆ بتەکە دابین بکات بە مەرجێ بتەکە نیازی ئەو بهێنێتە دی، بەم شێوەیە دەبینین کە پەیمانێکی ساختە و درۆی لای بتەکەوە بۆ دروست دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر ببێتە تیرۆریست و خۆی بە دوژمنەکانیدا بتەقێنێتەوە ئەوا ڕاستەوخۆ دەچێتە بەهەشت، تەنها ووتاردەری ساختە و درۆزن ئەو ڕاگەیاندنانە دەردەکەن هەروەکو زۆر خەڵك دەبینین کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا فریودەدرێ و باوەڕ بە نوسراوی ناو هەندێك کتێب و گۆڤار و نوسراوی دیکە دەکات، مەبەست و ئامانجی سەرەکی شەیتان بریتیە لە شوێنکەوتن و پەرستنی ئەو لە جیاتی خودای گەورە. عیسای مەسیح دەڵێت کە پەرستن تەنها بۆ خودای خاوەنی دەسەڵاتە کە لە ئینجیلدا باسی کراوە.
پ10/ مەسیحیەکان دەتوانن بەسەر تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو بن؟
سەرنج: لە "1کۆرنسۆس 10: 13"دا خوێندومانەتەوە کە هەر چ تاقیکردنەوەیەك توشمان بێت کە باوەڕمان بە خودای خاوەن دەسەڵات هەبێت، خودا نایەوێت تۆ فریوبدرێیت، بەڵام دەبێت دانبەخۆگرتنت هەبێت، ئەگەر فریوشدرابیت پشت بە خودا ببەستە، تاوەکو لە ژێر ئەو فریودانە دەرت بهێنێت، خودا دڵسۆزی و میهرەبانی خۆی پیشانی مەسیحیەکان دەدات بەوەی کە ڕێگە نەدەن فریو بدرێن، گەورەتر لەوەی کە هەر مەسیحیەك دەتوانێت بەرگەی بگرێت، هەروەها خودا ڕێگەی دەربازبوونی لە فریودان بۆ هەر کەسێك لە مەسیحیەکان داناوە، لەبەر ئەوە مەسیحیەکان دەتوانن سەرکەوتوو بن بەسەر هەر هەوڵێك کە بەرەو فریودانیان بەرێت.
هەنگاوی چوارەم: داواکاری
ڕەچاو بکە: کام ڕاستیانە لەناو ئەم بەشانەدا بۆ مەسیحیەکان گرینگن؟
بەشداری بکە و تۆمار بکە: با بەیەکەوە بەشداری بکەین و لیستێك تۆمار بکەین لەسەر داواکاری گونجاو لە "مەتتا 4: 1 ـ 11"دا
ڕەچاو بکە: خودای گەورە چ داواکاریەکی گونجاوی لە تۆ هەیە بۆ ئەوەی ببێتە داواکاریەکی تایبەتی.
تۆمار بکە: داواکاری تایبەتی لە پەڕەی دەفتەرەکەتدا بنووسە، لە بەژداریکردنت ئازادبە، بیرت بێت کە خەڵکی لە هەر گروپێکدا ڕاستی جۆراوجۆر دەردەهێنن، ئەمانەی خوارەوە لیستێکە:
1. نموونەکانی داواکاری گونجاو لە "مەتتا 4: 1 ـ 11"دا
4: 1 / بیرت بێت کە هەندێك جار خودا مەسیحیەکان دەباتە ناو بارودۆخێك کە دەتوانرێت فریو بدرێن بۆ گوناە و تاوان، لەگەڵ ئەوەشدا خودا بۆ کاری خراپ فریوی دەدات "یاقوب 1: 13" بەڵام نایەوێت بکەوێتە ناو گوناە و تاوان، بەڵام خودا

لەم کارە مەبەستیەتی لە تاقیکردنەوەی "یاقوب 1: 12" فێرمان بکات تاوەکو پشت بە خودا و بەرنامەکەی ببەستین و ڕێگای دەربازبوونمان هەبێت "1کۆرنسۆس 10: 13" هەروەها بەسەر فریودانـدا زاڵ بین و فێری بەرگەگرتن و پاراستن بین "یاقوب 1: 2 ـ 4" بەم شێوەیە دەبێتە هۆی پێشاندانی شکۆمەندی خودا "ئەیوب 1: 21 ـ 22؛ مەتا 4: 10"

4: 2 / لە یادت بێت کە عیسا کوڕی خودایە و ئێمە کوڕی خودا نین، لەگەڵ ئەوەشدا عیسا بۆ ماوەی چل ڕۆژ لە چۆڵەوانی بەڕۆژوو بوو، بەڵام ئینجیل لە هیچ شوێنێکدا داوای بەڕۆژووبوون ناکات، ئەگەر دەتەوێت لە ماوەیەکدا بە شاراوەیی و نهێنی بەڕۆژوو بیت "مەتتا 6: 16 ـ 18".

4: 3 / بیرت نەچێت کە شەیتان بە تایبەتی هەوڵی فریودانی مەسیحیەکان دەدات لەبەرئەوەی لە ژێر کۆنترۆڵی ئەودا نین "کۆڵۆسی 1: 13؛ یاقوب 4: 7؛ 1پەترۆس 5: 8 ـ 9".

4:4 / بە خۆراك بژی بەڵام لەسەر هەموو ووشەیەك کە لە دەمی خوداوە دێتە دەرەوە، مەسیحیەکی چینی پڕیارێکی گرینگی دا "ئینجیل نەبێ، خواردن نییە" لە بەیانیدا واتا پێش ئەوەی خواردن بخوات بیری لە خوێندنەوەی ئینجیل دەکردەوە.

4: 5 / بیرت بێت کە شەیتان هەمیشە هەوڵ دەدات تاوەکو بەرەو گوناە فریوت بدات، تەنانەت لە کاتی نوێژ و کۆبونەوەشدا هەوڵبدە هەلی نەدەیتێ.

4:6 / بیرت بێت کە شەیتان هەوڵ دەدات فریوت بدات بۆ تاوانکاری و بە هەڵە تێگەیشتنی ئینجیل، ئەمەش تاوەکو بە ئارەزووی ئەو بجوڵێیتەوە بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو حاڵەتەدا، هەوڵبدە هەموو ڕۆژ ئینجیل بخوێنیتەوە و بە تەواوەتی لێی تێبگەیت بەو ڕێگەیەی کە خودا دایناوە.

4: 7 / کاتێك شەیتان فریوت دەدات پێی بڵێ "بە ناوی عیسای مەسیح شەیتان لێم دووربکەوێتەوە" یاخود دەستەواژەیەك "ئایەتێك" لە ئایەتەکانی ئینجیلی بۆ بهێنەوە، بە نموونە لە ئینجیلدا نوسراوە "خودای دەسەڵاتدار مەخەرە ناو تاقیکردنەوەوە".

4: 8 / لە یادت نەچێت کە شەیتان هەوڵ دەدات ڕات بکێشێت بۆ شوێنێك تاوەکو بە ئارەزووی خۆی فریوت بدات، لەبەر ئەوە لە شوێنی فریودانی شەیتانی دووربکەوە.

4: 9ـ 10/ لە یادت بێت کە هەموو فریودان و فێڵەکانی شەیتان یەك مەبەستی سەرەکی تێدایە، ئەویش وازهێنانە لە پەرستنی خودایەکی زیندوو خاوەن دەسەڵات، لەبەر ئەوە هەوڵبدە ئەو هەڵانەی شەیتان بکەیتە هۆکارێك کە لێی دوور بکەویتەوە و تەنها خودا پەرستی بکەیتە ئامانج.

4: 11 / لە یادت بێت کە ڕاستەوخۆ فریو نادرێیت، بەڵام زۆر وووریابە شەیتان هەمیشە هەوڵدەدات تاوەکو لەخشتەت دەبات و فریوت دەدات "لۆقا 4: 13".

2. نموونەکانی داواکاری کەسی

أ- دەمەوێت دەست بکەم بە بەکارهێنانی ئینجیل هەرکاتێك من فریودرام دەمەوێت فێری وەڵامدانەوەی فریودان ببم، لەبەر ئەوە من هەموو ڕۆژێك ئینجیل دەخوێنمەوە تاوەکو فێربم و بزانم بۆ وەڵامدانەوەی شەیتان ئینجیل بەکاربهێنم.

ب- من زۆر ئاگادار و ووریا دەبم لەوەی کە شەیتان هەوڵی فریودانم بدات و دواتریش هەڵەبکەم. مەبەستی سەرەکی شەیتان بریتیە لەوەی پەیوەندی من لەگەڵ خودا بپچڕێنێت و گومانم بە باوەڕبوون بە خودا بۆ دروست بێت، باوەڕ بە

شەیتان بکەم لە جیاتی خودا. لەبەر ئەوە دەبێ لە دژی ئەو بەرگری بکەم، لەبەر ئەوەی ئەو هەر دوژمنی من نییە، بەڵکو دوژمنی خودا و هەموو مرۆڤایەتییە.

هەنگاوی پێنجەم / نوێژ

با نوێژ بکەین بۆ ڕاستیەك کە خودا فێری ئێمەی کردووە لە "مەتتا 4: 1 ـ 11"دا لە نزاکەتدا وەڵام بدەرەوە کە لە ماوەی خوێندنی ئینجیلدا چی فێربوویت، مەشق و ڕاهێنان بکە نوێژ و نزا بکەیت، لە یادت بێت کە خەڵك لە هەر گروپێکدا لە خودا دەپاڕێتەوە و داوای شتی جۆراوجۆر دەکەن.

4. نزاکردن 8 خولەك

هەوڵبدە بەردەوام بیت لە نزا و پاڕانەوە لە شێوەی گروپی دوو کەسی و سێ کەسیدا و پاڕانەوە بۆ خۆت و بۆ یەکێکی دیکە و بۆ خەڵکی هەموو جیهان.

5. ئامادەکاری بۆ ماڵەوە 2 خولەك بۆ وانەی داهاتوو

پێشڕەوی گروپ:- ئەم ئامادەکاریە بدە ئەندامانی گروپ بۆ ماڵەوە، بینووسنەوە یان با کۆپی بکەن.

1. سەرنج و لێدوان:- سەرنج و لێدوانت هەبێت بۆ دروستکردنی قوتابی ووتار بدە و خەڵکی دیکە فێری ئینجیل بکە، خوێندنەوەی "مەتتا 4: 1 ـ 11" بەیەکەوە لەگەڵ کەسێکی دیکە یان گروپێك لە خەڵك.
2. تەرخانکردنی کات بۆ خودا:- هەوڵبدە کاتێك تەرخان بکەیت بۆ خودا، لە نیوەی بەشی دووەمی ساموئیل 15، 17، 18، 22 هەموو ڕۆژێ بیخوێنەوە و شێوەی پرسیار بەکار بهێنە.
3. لەبەرکردن:- "دانیال؛ لۆقا 9: 23" پێداچونەوەی ڕۆژانە بەو دوا پێنج ئایەتانەی کە لەبەرت کردوون.
4. نوێژ و نزا:- هەوڵبدە نوێژ بکەیت و نزا بۆ کەسێك یان بە گشتی ئەنجام بدەیت، لەو هەفتەیەدا (زەبوورەکان 5: 4) بخوێنەوە.
5. نوێکردنەوەی دەفتەرەکەت:- بۆ دروستکردنی قوتابی هەموو تێبینیەکانت و ئەو شتانەی لەبەرت کردووە و هەتە پێویستە.